**راگەیاندنی ژمارە**

**6 کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین -هۆڵندا**

# لەیادی 18 ساڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵبجە ،دەسەڵاتدارانی کوردستان سوونەت و شێوازی سەرکوتی بەعسیەکان دووپاتدەکەنەوە

ئەوەی جێ مەبەستی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان بووە لە تاوتوێ کردن و مامەڵەی ئینسانی و سیاسی لە پەیوەند بە کارەساتی مەرگباری هەڵەبجەی خاپوور کراو بەدرێژایی مێژووی ئەم تاوانە،بەکارهێنانی قوربانیانی ئەم کارەساتە درندانەیەی ڕژێمی بەعس بووە بۆ هەندێ بەرژەوەندی سیاسی و نێونەتەوەیی بەمەبەستی پچرینی هەندێ دەسکەوتی سیاسی لەرزۆکی خۆیان . گەندەڵی ئیداری و سیاسی و پشتگوێخستنی داخوازی بەرهەقی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت شاری هەڵەبجەی کارەساتبار یش تەنها وەڵام و پەیامێک بووە لەلایەن ئەم جەنابانەوە بۆ داخوازیە بەرهەقەکانیان .بێ هۆ نیە لە یادی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا خۆپیشاندن بەدژی ئامادەبوونی سەرانی ئەحزابی دەسەڵاتدار بەرپادەکرێت و خۆپیشاندەران ڕق و کینەی پیرۆزیان بەرووی دەسەڵاتداراندا هەڵدەرێژن و بەم هەڵوێستەیان ئاشکرای دەکەن کە چیتر دانیشتوانی ئەم شارە ئامادەنین بە فرمێسکی درۆیانەی دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ قوربانیانی ئەم شارە فریو بخۆن . هێرشی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس لە پای وەڵام دانەوە بەداخوازی خۆپیشاندەران ،دیاری دەستی ئەم جەنابانە یە بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی ئەم کارەساتەو داخوازی خۆپیشاندەران، وەکو بەشێک لە شێوازی سەرکوتی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و مافی خۆپیشاندان لە کوردستاندا کە بنەمای پایەی سیاسی ئەسڵی دەسەڵاتدارانە لە کوردستاندا لە بەرابەر مافەسەرەتاییەکانی کۆمەڵگادا . ئێمە وەکو کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی و ڕادەربڕین لە هۆڵند ،وێڕای ڕێزگرتنمان لە قوربانیانی ئەم کارەساتە ،دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵدەنگی خۆپیشاندەران و سەرجەم بنەماڵەو خێزانی ئەم کارەساتە بۆ قەرەبووکردنەوەی هەرجۆرە زیانێکی ماددی و بەدەنی و دەروونی کە بەهۆی کیمیابارانی هەڵەبجەوە دوچاری بوون و تا ئێستاش پشتگوێخراون وە بەتوندیش ئەو شێوازە لە تۆقاندن و سەرکوت وتەقە لە خۆپیشاندەرانی هەڵەبجە مەحکوم دەکەین .

دەسەڵاتدارانی کوردستان بەرپرسن لە قەرەبووکردنەوەی زیانی ئەو خێزانانەی کە بەهۆی هێرشی کیمیابارانی 16-3-1988 بۆ سەر شاری هەڵبجە دووچاری بوون

تەقە لە خۆپیشاندەران تاوانە لە دژی سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤ وە ئێمە بەتوندی ئەم شێوازە لەسەرکوت ڕیسوا دەکەین

ئیستبدادو سەرکوت بۆ زبڵدانی مێژوو ،بژی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین

2006-3-16

http://azady.orgfree.com/
khmkazhouw@wanadoo.nl